# پشیی پشیی بۆ دەسەڵات ، هەلپەرستییەکی کوشندەیە!

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com
3-12-2005

## هەباس بۆسکانیی بۆچیی واژۆ دەکات؟

نزیکەی چل ڕۆژە ، دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان د.کەمال سەیید قادری راپێچی زیندان کردووە، پاش دوازدە ڕۆژ لەبێسەروشوێنکردن لەژێر گوروژمی گوشارە بەردەوامەکانی سەدان کەسدا ، پارتیی بەناچاریی ددانی پێدانا کە لەلای ئەوانە. پەرچەکرداری ئەو بوونەوەرە بەستەزمانەی کەپێی دەگوترێ "ڕۆشنبیری کورد" جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیەکی قووڵە لە هەمبەر ئەم دەستدرێژییکردنە بۆ سەر ئازادیی و بۆچوونە جیاوازەکان و ئەو قەڵەمانەی بۆ دەسەڵات ناخوێنن . ئەم ڕەخنەیە ، تیشک دەخاتە سەر ئەو فیگەرانەی ( Figures ) کە ڕۆشنبیری کورد خۆی تێدا دەبینێتەوەو ئیمەیجی ڕەنگاورەنگ بەدەوری خۆیدا دەکێشێ و لەشەو و ڕۆژێکدا حەوت جار بەروپشت دەکات.

ئەوە تەوەری مەسەلەکە نییە، کە کێ هاتە وەڵام و کێ بێدەنگیی هەڵبژارد لە ڕفاندنی د.کەمالدا، گرنگ ئەوەیە چۆن دێیتە وەڵام ، من خۆم دەست خۆشیی زۆر لەهەموو ئەوانە دەکەم کە وێرایان بەڕووی دەسەڵاتدا هەڵشاخێن و بڵێن ، ئازادیی ڕەها بۆ قەڵەم و ڕەخنە و نووسەران بەهەموو بۆچوونێکی جیاوازەوە. هاوکات دەستخۆشیی لەم برادەرانەش دەکەم کە لەگەڵ کاک هەباسدا ئیمزایان کردووە، کە منیش نەمکردووە، لەسەر هەڵوێستی پشتی پەردەوەی کاک هەباس بووە کە بەبەڵگەوە ڕوونی دەکەمەو بۆچیی؟ .

تەوەری سەرەکیی مەسەلەکە ، لەنێوان دەسەڵات و کەسێکدایە ،کەسەکە ئێستا دیل و ژێردەستەیەو بەهیچ شێوەیەک نەبەهەست و نەبەنەست ئازاد نییە ! ، دەسەڵاتەکەش کە حیزب کۆنترۆڵی سەراپای دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی کردووە و بەپارەو ترس و تۆقاندن و دەست لەپشت دان ، جڵەوی دەسەڵاتی گرتووەو حوکمڕانیی دەکات.

من قسەم لەسەر ئەوە نییە کاک هەباس بۆسکانیی کێییە و چییەو چۆنە، یەکێکیشە لە دۆستەکانم، بەڵام هەڵوێستی سیاسیی و فرۆشتنەوەی هەڵوێستی پشت پەردە،کە لە دوو توێیی گومانێکی گەورەدا ئۆقرە دەگرێ ، بێدەنگیی لێی بێ هەڵوێستییە . ئێستا کاک هەباس واژۆی داوە لە کلێشەیەک کە هەر خۆیشی بەنووسینەکەدا چووەتەوەو بەدڵی خۆی دەستکاریی کردووە، هەر داڕشتنی کلێشەکە بۆ خوێنەری وریا ، زۆر گومان دروست دەکات و سیناریۆی سەیرو سەمەرە نمایش دەکات . ئەوە جگە لەوەی زمانی داڕشتنەکەی و مەدلولاتە سیاسییەکان، کەموکوڕیی و کلۆڵیی زۆری پێوە دیارە. جگە لەوەی سەردێڕەکەیشی بۆخۆی ناوێکی زل و قەبەی هەڵگرتووە.

ناو هێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( بەشەکەی پارتیی ) بە "حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەولێر" ، تەنها هەڵەیەکی زمانەوانیی نییە، بەڵکوو بەمەبەست و ئەجێندایەکی سیاسییەوە نووسراوە، لەهیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا ، حکومەتی وڵاتێک نییە ، بڵێ حکومەتی ئەو وڵاتە یان ئەو هەرێمە لەو شارەدا. لەشوێنێکی تردا ، دەڵێت " داوا لەدەسەڵاتی تایبەت لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/هەولێر دەکەین" . لەراستیدا ئەو کلێشەیەی پێشتر بەمن گەیشت بۆ ئیمزاکردن، جودا بوو ،ئەم داش هەولێرەی تێدانەبوو، دواتر تێی ترینجێنراوە لەلایەن ئەوانەی دەربڕینەکەی کاک هەباسیان پێ دروست نەبووە.

بەواتایەکی تر  ئەم دەربڕینە لەلایەکەوە چەند برگەیەکی پێشووتری خۆی پووچەڵ دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە ددان نانە بە شتێکدا کە راستییەکەی ئەوەیە،دەسەڵاتی تایبەت د.کەمالی ئەنفالکردووە و حکومەت جگە لە ناوێکی کاریکاتێریی  شتێکی تر نییە.  لەهەموو ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا شتێک نییە بەناوی دەسەڵاتی تایبەتەوە، لایەنی بەرپرس ، لایەنی پێوەندیدار هەیە، نەک دەسەڵاتی تایبەت. ئەوە چۆنە سایتی دەنگەکان و سایتی کوردستانیان ، کاتێ ئیدانەی ئەو کارەیان کرد لە هەفتەی یەکەمدا ، بەئاشکرا گوتیان پارتیی بەرپرسیارە لەچارەنووسی د.کەمال سەیید قادر. ئەی بۆچیی پاش چل رۆژ کاک هەباس بۆسکانی "تێرمۆنۆلۆژییەکی"[1] نوێ دەهێنێتە ناو نووسینەوەو داوا  لە" دەسەڵاتی تایبەت"  دەکات!  .

کاک هەباس بۆسکانی ئیمزا بە چ مەبەستێک دەکات ، لەکاتێکدا بە د.کەمال بڵێ راست نییە، کێ دەڵێ ڕفێنراوە ،" من مەعلوماتم هەیە  نەفرێنراوە، ئەشکەنجە نەدراوە! "،  من لە دکتۆراکەشی بەگومانم " من شکم هەیە دکتۆرای هەبێ "،هەروەها " دەستی  ( فلان )  خۆش بێت کە بەهەموو ئەوانەی بەدەنگ هاتوونە دەڵێت بێ ئیش و کار"، " ئەو کەمال قادرە ، نازانم کێیە  ئیعتیزار دەهێنێتەوە بۆ مەسعود بارزانیی و ئەویش عەفوی دەکات. ئینجا ئەو وەختە بەسەنگ و مەحەکی من، خۆم ئەزانم کێ مەزلۆمەو کێ زالمە "  . کەسێک بەناوی شوانییەوە کە بەناوی ماڵی د.کەمالەوە قسەی دەکرد جوێنی پێدام ، منیش " بەپێی توانای خۆم جوێنەکانم پێ دایەوە"  ئەم قسانە هیچیان هەڵبەستراو نین و بەدۆکیومێنت هەن و کاک عەباس بۆسکانیی زۆر ئازادانەو زۆر بێ پەروا بەدەنگی خۆی ، بە ئاگاداریی سەدان کەس  کردوونی . ( قسەکانی ناو کەوانە گوێچکدارەکان " " بەدەق قسەی کاک هەباسە) .

ئایا بەراستی جیاوازی ئەم قسانەی کاک هەباس و ئەو شاعیرە یاخییەی تا دوێنێ بە قسەی خۆی بەرزترین کەلی لەدەسەڵات گرتبوو،ئەمڕۆش لەپاڵ ئەنفالچیی و فایلڕەشەکانی ناو دەسەڵاتەوە دژی د.کەمال پلان دادەڕێژێ ، چییە؟  شاعیرێک وەک ( **ضابط امن** )  بەکەڵەگایی دەچێتە سەر دیلێک ، سەر کەسێکی دەستبەسەر و بێ ئیرادە لە زینداندا و "ئیفادە" ی لێوەردەگرێ و پاکانەی پێ پڕدەکاتەوە بۆ دەسەڵات و میرەکانی هەرێمی کوردستان و بەجنێوفرۆشی لەقەڵەم دەدات ، کاک هەباس بۆسکانیی شاعیرییش هەمان قسەو هەڵوێستەکانی ئەو شاعیرەی دەسەڵات ، بەشێوازێکی تر و دەقێکی کۆپییکراوی ترەوە دووبارە دەکاتەوە.

بەڕاستی پاکانە کردن بۆدەسەڵاتێک کە مرۆڤێکی بۆ چل رۆژە بێسەروشوێنکردووە ، تەنانەت تا ئێستا پارێزەرێکی نییە لە لایەن خۆیەوە یان کەسوکارو دۆستەکانییەوە بۆی دابین کرابێت،ئەمانە جگە لە خەمساردیی و هەلپەرستیی  زێتر، چیتر هەیە؟ . ئاخر ئەم جۆرە هەڵوێستە نێرگزیی و پڕ لەپێچ و پەنایەیە، کە بوونەوەرێکی بێ هەڵوێستی وەک رۆشنبیری کورد دەئافرێنێ.  ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەیە، کە سەری نووسەران و رۆشنیبران و باڵا بەرزەکانی دنیای فیکرومەعریفەو داهێنان  ، دەقەبڵێنێ. ئەم هەلومەرجەیە ، کە ئێمەی ترسنۆک و هەلپەرست  دروست دەکات . لەکاتێکدا ، د.کەمال دابڕاوە لە دنیای دەرەوەو نازانێ خەڵک چیی بۆ دەکات ، چۆن پارتیی قەڵس کراوە، شاعیرو نووسەرەکانی دەسەڵات ، کاتێ سەردانی دەکەن ، خۆ پێی ناڵێن سەدان کەس بەدەنگ  هاتوونە لەسەرت ، بەدڵنیاییەوە پێی دهڵێن ، دنیا ماستی مەییوەو کەس تۆی هەر بەخەیاڵیشدا نایات.

---

[1] نوێنەری حکومەتی هەولێر ، لە پاش دوازدە رۆژ لە بێسەروشوێنکردنی د.کەمال ، لەگەڵ رادیۆی  "هاوپشتیی" دا، تێرمۆنۆلۆجیی   بە ئەکسێنتی دەوڵەتانی سکەندنافی هێنایە پێشەوە ، بۆ ئەوەی خۆی وا دەربخات کە زەخیرەی پێیەو شارەزایە! سووکایەتیی بە رەخنەگرەکانی دەکرد.

من پێم وایە ،ئەو واژۆیەی کاک هەباس ، گەورەترین سووکایەتییکردنە ، بەکەسوکاری د.کەمال و هەموو ئازادیخوازێک کە لە هەرەشەوگورەشەی دەسەڵاتداران باکیان نییەو بۆ پارەو پلەوپایە سەریان نەوی ناکەن و پاکانە بۆ دەسەلاتداران و لۆردەکانی هەرێمی کوردستان ناکەن. چونکە ناکرێ تۆ لەلایەک ، لەسەنگەری دەسەڵاتەوە کابرا بکوژیت و پارەی فیشەکەکانیش لەکەسوکاری دکتۆر کەمال بسەنیتەوەو ، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ خەڵکدا بەشداریی لەپرسەکەیدا بکەیت.

پارتیی دیموکراتی کوردستان وا بۆ شەست دانە ساڵ دەچێ ، دامەزراوە، شەست نووسەر و سیاسیی و قەڵەم بەدەست و رۆشنبیری تێدا هەڵنەکەوتووە، بەلام بەپێی ئەو کۆنتراکتەی لەنێوان پدک و کۆنە شیوعییەکاندا هەیە، خەریکە ئەم کەلێنە، بەو شیوعییە رووخاو و هەلپەرستانە پڕدەکرێتەوە و هەموویان بوونە بە دەمهەراشترین و چالاکترین رۆژنامەگەر و بڵندگۆی پارتیی . بەداخەوە کاک هەباسیش ئەم هاوکێشەیە کەم تا زۆر دەیگرێتەوە ، کە رۆژگارێک لەریزەکانی حشع دا کاری کردووەو ئێستاش غەزەل بۆ پارتیی دەکات . تەنانەت بەشێکی تر لەو کۆنە شیوعییانە ، کە هێشتا بەخۆیان دەڵێن سەربەخۆو بێلایەن، هەر دڵیان بۆ پارتیی لێدەدا ، بەنووسین و قسەو هەڵسوکەوتیانەوە بەئاشکرا دیارە، ئەمە تەنها ئەوە ناگەیەنێت ، کە رەقیبەکەی پارتیی زەبری لێداون و هێزێکی سەرکوتکەرە ، مەسەلەکە پارەو کورسییە ، کە کاراکتەری رووخاوی ئەو کۆنە شیوعییانە بەو شێوەیە لێک دەداتەوە و وەک موگناتیس رایان دەکێشێت .

د.کەمال ، ئەگەر تۆمەتی داوەتە پاڵ سەرکردایەتی پارتیی ، یان نا، ناکرێ لەسەر ئەوەی قسەکانی د.کەمال گونجاو نییە هەڵوێست فرۆشیی بە د.کەمالەوە بکرێ . کاک هەباس بۆسکانیی ، لەدەسەڵاتێکی میلیشیاییدا مەرجەعی دادوەریی سەربەرخۆ داوا دەکات ، ئەم مەرجەعە ئەفسانەییە مەگەر هەر لە ئەندێشەدا هەبێ . کەس نەهاتووە داکۆکیی لەتەواوی نووسینەکانی د.کەمال بکات ، سەرەڕای هەموو رەخنەیەکیش لە د.کەمال ، پێویستە قوربانیی و زۆردار لێک جودابکرێنەوە و تای قوربانیی ببین لەهەمبەر دەسەڵاتدا . هەموو ئەوانەی بە نووسین تا ئێستا لایەنگریی پارتییان کردووە لەسەر رفاندنی د.کەمال، چوار کەس و لەتێکن، کە مرۆڤ پێی شەرمە ناویشیان بنووسێت . کەچیی زۆر بەئەفسووسەوە ، کاک هەباس بۆسکانیی شاعیریش ، بەقسەوباس تا توانیتی دژایەتی د.کەمالی کردو لەپارتییەکان و لە شاعیرەکانی دەسەڵات تووندتر و چالاکتر هێرشی کردە سەر د.کەمال و لەملاشەوە دێت واژۆ بۆ ئازادکردنی دەکات! . ئەمە چەندی بەچەند.

ئەم جۆرە پاکانە کردنانە بۆ دەسەلات ، کوتانی ناڵ و بزمارە لەیەک کاتدا. چۆن دەکرێ، پێش دوو رۆژ لە واژۆکەت ، تەقەت لە د.کەمال دەکرد و سووکایەتیت پێ دەکرد و خزمەتت بە پروپاگەندەکانی پارتیی دیموکرات دەکرد! . ئیستاش بەهەزارو یەک ئەگەرەوە داوای ئازادکردنی دەکەیت. ئەندامانی پارتیی کە بەتەمان د.کەمال بهێنرێتە سەر تەلەفزیۆن و جامانەیەکی سوور لەسەر بکات و داوای لێبوردن لە خاوەن شکۆکان بکات، تۆی شاعیرییش لە توێشووی وێنەیەکی شیعرییدا ، هەمان مەبەستت کریستاڵتر کردەوە لەچوارینەیەکدا و سەری مەحوییت بڵندو بڵندتر کردەوە.

دوا قسەشم بۆ کاک هەباس ، تەنها پێشکەشکردنی ئەم پەیڤانەی خوشکی د.کەمالە . بەڵێ خوشکی د.کەمال بەدەنگی خۆی ، بەقورگێکی پڕ لەگریانەوە، کە تەزوو دەخاتە دڵی هەر مرۆڤێگ ، کە نەک دڵ و دەروونێک لەخوێن و گۆشت پێک هاتبێ، بەڵکوو ئەگەر لە گرافێتیش بێت ، رادەچڵەکێت، لەبەرئەوە نا، کە ئیمۆتیڤییانە تێی بروانیت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەو لۆژیکە چییە، کە وا لەنووسەرو شاعیرێک دەکات ، لەسەنگەری دەسەڵاتەوە کەفاو بکاتە چاوی خەڵکەوە.

خوشکی د.کەمال دەڵێ " پارێزەر لەخۆیانە، حاکم لەخۆیانە... د.کەمال سانسۆرێکی زۆری لەسەرە، من توانای ئەوەم نەمایە قسە بۆ خەرک بکەم .... بیر لەوە بکەنەوە د.کەمال لەژێر دەستی چیدایە؟ تەنها قەڵەمەکەشی لەبەردەستدا نییە لێم مەگرن

ئاگرێک لەجەرگمە لەهەناومە ، ناتوانم دەریشی برِم ئەگەر دەریبرِم ئەو کورِە لەژوورەوەیە "...  قسەکانی بەهەنسک و قوڵپ و نائومێدییەوە درێژە پێ دەدات و داوای هەڵوێست لە نووسەران و رۆشنبیران و ئازادیخوازان دەکات و دەڵێ فریامان کەون و دەنگ بەرزبکەنەوە  . هەروەها بۆ ئەوەی کاک هەباس ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات، باشترە بزانێ ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال چۆن بەدوای رفاندنی د.کەمال کەوتووە. شتێکی باشی دەکرد سەیری ئەم لینکەی خوارەوەی بکردایە .

http://www.kurdmedia.com/news.asp?id=10748